گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پیسبوونی زمانی کوردیی لە ئاستی وشەسازیدا

**بارزان تەحسین ئەحمەد**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

barzan.ahmed@su.edu.krd

**پ. ی. د. نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

nareman.Kareem@su.edu.Krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/٢٩

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/٤

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Language Pollution, Vocabulary, Kurdish Language, Foreign Words.

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.2

## پوختە

بە درێژایی مێژوو، لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و زیاتر تێکەڵاوبوون و فراوانبوونی هۆکار و رێگاکانی پەیوەندیکردن، بەریەک کەوتنی زمانەکانیش زێدەتر دەبێت، بەرەنجامی ئەمەش کەرەسەی زمانانی تر (بە تایبەتی وشە)، بە رادەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕ دەبن، بۆیە هەمیشە لە هەموو بارودۆخێکدا وشەی نوێ دروست دەبێت، وشە کۆن و سواوەکان رووبەڕووی ونبوون و لەنێوچوون دەبنەوە، چونکە سروشتی وشە وایە کە هەرگیز جێگیر نییە، بۆیە ئاستی وشەسازی وەک ئاستێکی گاریگەر و چالاکی زمان، زۆرتر بەر ئەم کاریگەری شێوان و پیسبوونە دەکەوێت. کە دواتر کاریگەرییەکان بە ڕوونی لەسەر زمان دەردەکەوێت و زمانەکە لە بنچ و ڕەسانەیەتی دووردەخەنەوە، کە دەکرێت بەم دیاردەیە بوترێت (پیسبوونی زمان) .

دیاردەی پیسبوونی زمانی کوردی بەهۆی تێکەوتنی ڕێژەیەکی زۆری وشە لە زمانانی بیانی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم دواییانە دەرکەوت، بە تایبەتیش بە هۆی بەرکەوتنی زۆرتری شارستانیەتەکان و فراوانبوونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و شۆڕشی تەکنەلۆجیا و ئەو جیهانگیری و پێشکەوتنە بەرفراوان و خێرایەی کە ئێستا لە ئارادایە، بێگومان لە هەموو ئەمانەشدا زمان دەبێتە پردی پەرینەوە و بەریەککەوتن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پوختە

بە درێژایی مێژوو، لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و زیاتر تێکەڵاوبوون و فراوانبوونی هۆکار و ڕێگاکانی پەیوەندیکردن، بەریەک کەوتنی زمانەکانیش زێدەتر دەبێت، بەرەنجامی ئەمەش کەرەسەی زمانانی تر (بە تایبەتی وشە)، بە ڕادەیەکی زۆر ئاڵوگۆڕ دەبن، بۆیە هەمیشە لە هەموو بارودۆخێکدا وشەی نوێ دروست دەبێت، وشە کۆن و سواوەکان رووبەڕووی ونبوون و لەنێوچوون دەبنەوە، چونکە سروشتی وشە وایە کە هەرگیز جێگیر نییە، بۆیە ئاستی وشەسازی وەک ئاستێکی گاریگەر و چالاکی زمان، زۆرتر بەر ئەم کاریگەری شێوان و پیسبوونە دوکەوێت. کە دواتر کاریگەرییەکان بە ڕوونی لەسەر زمان دەردەکەوێت و زمانەکە لە بنج و ڕەسانەیەتی دووردەخەنەوە، کە دەکرێت بەم دیاردەیە بوترێت (پیسبوونی زمان) .

دیاردەی پیسبوونی زمانی کوردی بەهۆی تێکەوتنی ڕێژەیەکی زۆری وشە لە زمانانی بیانی بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم دواییانە دەرکەوت، بە تایبەتیش بە هۆی بەرکەوتنی زۆرتری شارستانیەتەکان و فراونبوونی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن و شۆڕشی تەکنەلۆجیا و ئەو جیهانگیری و پێشکەوتنە بەرفراوان و خێرایەی کە ئێستا لە ئارادایە، چونکە لە هەموو ئەمانەدا زمان دەبێتە پردی پەڕینەوە و بەریەککەوتن.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوە هەوڵێکە بۆ ناساندنی بابەتی پیسبوونی زمانی کوردی، دیاردەی پیسبوونی زمان کاتێک سەرهەڵدەدات کە ئاخێوەرانی ئەو زمانە لە هەردوو شێوەی نووسین و ئاخاوتندا پەنا بۆ زمانێکی تر دەبەن و کەرەسەکانی ئەو زمانە، بە تایبەتی وشە لە جێگەی زمانە ڕەسەنەکە بەکاردەهێنن، کە لە ئەنجامدا زمانێکی شێواوی تێکەڵ و تەواو جیاواز دێتە ئارا، وەک دەردەکەوێت ئەم دیاردەیە زۆرتر لە نێو چینی لاوان و نەوەی تازەدا بوونی هەیە.

## ناونیشانی توێژینەوە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (پیسبوونی زمانی کوردی لە ئاستی وشەسازیدا)، کە لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە و هەولێکە بۆ ناساندن و خستنەڕووی دیاردەی پیسبوونی زمان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی شیکاری) گیراوەتە بەر، واتە بە پشتبەستن بەم ڕێبازە، هەوڵدراوە، وردەکاری بابەتەکە ڕوونبکرێتەوە و نیشانبدرێت. بە سوودوەرگرتن لە کۆمەڵێک سەرچاوەی دیاریکراوی تایبەتمەند لە بواری زمان و زمانەوانیی.

## سنوری توێژینەوەکە:

بریتیە لە (زمانی کوردی، دیالێکتی کوردی ناوەڕاست)، لە چوارچێوەی ئەم دیالێکتە، هەوڵدراوە بابەتەکە بخرێتەڕوو، واتە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەم دیلێکتە بەستراوە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، ئەگەرچی پێشتر لە چەند کتێب و لێکۆڵینەوەیەکدا بە پەرت و بڵاوی و لەژێر ناونیشانی دیکەدا بەشێوەیەک لە شێوەکان باسی ئەم بابەتە کراوە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە کۆی ئەو تێڕوانینانە و لێکدانەوەی وردتریش بۆ بابەتەکە بخرێتە ڕوو.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

لەم توێژیتەوەیە ئامانجمان ئەوەیە کە زیاتر تیشک بخرێتە سەر پیسبوونی زمانی کوردی بە هۆی هاتنەناوەوەی وشە لە زمانانی تر، یان داتاشینی نازانستی و هەڵەی هەندێک وشە و بەکارهێنانی لە نێو زمانی کوردیدا.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

بە پێویست و گرنگ زانینی ئەم بابەتە، بە هۆی ئەوەی لە نێو کتێبخانە کوردییەکان، ئەم بابەتە وێڕای ئەو گرنگییە زۆرەی کە هەیەتی توێژینەوەی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە.

## 1: چەمک و پێناسەی پیسبوون.

هەندێک وشە هەن لە زماندا لە زۆر شوێن و کاتدا ئەرکی جیاواز و واتای جیاوازیان لەلایەن ئاخێوەرانیانەوە پێ دەسپێردرێت، هەندێکی دیکەش لە ڕووی هاونیشینییەوە بەکارهێنانەکەیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرفراوانە و بەشـێکی باش لەو وشـانەی ئاخێوەری زمان بەکاریان دێنێ، دەتوانین بیخەینە پاڵ وشـەکە، پیسبوون بەر دووەمیان دەکەوێ. زۆر وشـە هەن کە یان لە پێشی دادەنرێن وەک جلوبەرگ پیسبوون، دەست پیسبوون، زمان پیسبوون...تاد، یان لە دوایەوە دێن وەک پیسبوونی ژینگە، پیسبوونی خاک، پیسبوونی هەوا، پیسبوونی دەنگ، پیسبوونی زمان، ...تاد. بە هەمان شێوە پیسبوون لە زمانانی دیکەش وشـەی جیاوازی بۆ بەکارهاتوون، بۆ نموونە لە زمانی فارسی وشـەی (آلودگی)[1] و لە زمانی عەرەبی وشـەی (التلوث) و لە زمانی ئینگلیزی وشـەکانی (contamination - pollution) و لە فەرەنسیدا وشەی (pollution) و لە زمانی ئیسپانی وشەی (truailliú) و لە زمانی ئیتالی وشەی (inquinamento)و لە زمانی ئەڵمانی(Verschmutzung) ، وە هەروەها لە زمانی تورکی(kirlilik) ، بەرانبەر بە (پیسبوون)ی کوردی بەکارهاتوون، کە لە هەموویاندا، هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنێت. کەواتە بەگشتی پیسبوون ئەو حاڵەتە، یان ئەو دیاردە و بارە جیاوازەیە کە دوای کردارەکە بە هۆی پیسکەرەکانەوە دێتە ئاراوە. پیسکەرەکانیش هۆکاری پیسبوونن. کەواتە، (پیسکەر، بریتییە لە ماددەیەک یان کاریگەرییەک ببێتە هۆی پیسبوون و تێکدان و زیان گەیاندن بە مرۆڤ و بە پێکهاتەکانی دیکەی ژینگە). (سماقەیی، 2019: 57).

## 2: پەیوەندی نێوان زمان و پیسبوون

لە نێوان پیسبوون و زمان پەیوەندی هەیە، چونکە زمان (ئامرازی گواستنەوەی سەرجەم داتاکانی ناو کەلتوری کۆمەڵگە و بیری مرۆڤن) (ڕەسول، 2021: 14)، بیری مرۆڤیش بە درێژایی مێژوو لە گەشەسەندن و گۆڕانکاری و پێشکەوتندایە، لەگەڵیشدا کەلتور و شارستانییەتیش پەرەدەسێنن و پێشدەکەوێت، دواجار هەموو ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنانەش لەڕێگەی زمانەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن و بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێنەوە. کەواتە شتێکی باوە کە (زمانەکان تێکەڵی یەکتر دەبن کە ئەمە ڕەنگە نیشانەی زیندوویی زمان بێت، زمان کە ئەوەندەی پێویست بێت زمانەکانی تر قبوڵ دەکات). (السامرائي، 1961: 136). کەواتە لێرەدایە کە زمانەکان بەریەکدەکەون و کارلێکدەکەن، لە بەرەنجامی ئەم بەریەککەوتنەشدا زمانەکان کەرەسەی زمانانی تر لە دەنگ و وشە و ڕستەی زمانانی تریان تێدەڕژێت، بەمەش پیسبوونی زمان سەرهەڵدەدات، بەتایبەتی ئەگەر ئەم تێرژان و

[1] بڕوانە فەرهەنگی کاوە (فارسی- کوردی)

هاتنەناوەوەی کەرەستەی زمانی لە زمانەکانی تر بۆ نێو زمانێک بەئەندازەیەکی زۆر بێت و نەتوانرێت بەرزەفت بکرێت.

ڕەنگە ئەم پیسبوونە لە کۆمەڵگەیەکی بچووکدا کە لە سنورێکی بچوک زمان بەکاردەهێنێت جیاوازبێت لەگەڵ کۆمەڵگایەکی گەورە و فراواندا کە لە سنورێکی فراوانتر و لە پانتاییەکی زۆرتری پێداویستی ژیانی ڕۆژانەیاندا زمان بەکاردەهێنن، دەبێت ئەوەشمان لەبیربێت کە زمان ڕەگی خۆی لە کەلتوری کۆمەڵگەدا دادەکوتێ و ناتوانرێت لە یەک داببڕێن تا ئەو کاتەی کە بەکارهێنەرە ڕەسەنەکان قسەیان پێ بکەن، هەر چالاکە و بە زیندوویی دەمێنێتەوە. هەر ئەوەشە وای لە فەیلەسوفی ئەڵمانی (هایدیگەر) کردووە کە دەڵێت: (زمانی منماڵی منە، نیشتمان و نشینگەمە، سنووری جیهانمە، لە پەنجەرەی ئەوماڵەوە دەڕوانمە ئەم گەردوونە پان و بەرینە). (سۆرانی، 2019: ).

## 3: پیسبوونی زمان

یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی زمان، داهێنانە، ئاسۆی بەردەم داهێنانیش هەمیشە کراوەییە، ئادەمیزاد بۆ پێویستییەکانی ژیان و بەردەوامبوونی لە ژیانیدا، بە درێژایی مێژوو داهێنانی کردووە و بیر و کەرەستە و بەرهەمی تازەی هێناوەتە ئاراوە، بێگومان هەموو ئەمانەیشی لەڕێگەی زمانەوە، کە ئەو توانایەی هەیە، گواستۆتەوە، بۆیە زمان بە بەردەوامی کەرەسە و وشەی تازەی بۆ زیاد بووە، بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەمانە هاوبەشی پێکراون و گوازراونەتەوە بۆ نەوە یەک لەدوای یەکەکان، ئەمە لە لایەک (پەرەسەندن و پێشکەوتنی زمانی پەیوەندیکردن، هاوکارێکی گرنگ و نرخدار بو بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی بیر و هۆشی مرۆڤ، کە دەرەنجام بو بە باڵاترین و دەسەڵاتدارترین گیانەوەری سەر زەوی و بەڕێوەبەری ئەو ئەستێرەیە). (ڕەسول2، 2021: 9)، لەلایەکی تریشەوە، بە درێژایی ئەو مێژووە، بارتەقای پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤ، زمانیش بووەتە قوربانی و بەردەوام پیسبووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

پیسبوونی زمان کاتێک ڕوودەدات کە زمانێکی دیاریکراو کەرەسەی زمانی (دەنگ، وشە و ڕێزمان)ی زمانێکی تر یان چەند زمانێکی تری دەرژێتە ناو، جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەمەبەست بێت، یان ناڕاستەوخۆ و بێ مەبەست و لە نائاگاییەوە بێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا زمانەکە وردەوردە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕەسـانایەتی خۆی دوردەکەوێتەوە و زمانێکی لێ پێکدێت، کە تاڕادەیەکی بەرچاو جیاوازە لەگەڵ زمانە ڕەسەنەکە. کەواتە دەکرێت پیسبوونی زمان بەوە بناسێنین کە:

- ❖ بریتییە لە هەر گۆڕانکارییەک کە لە پێکهاتە تایبەتییەکانی زمانێکی دیاریکراو ڕوودەدات، بەهۆی هاتنەناوەوەی کەرەسـەی زمانێک، یان چەند زمانێک، لە ئەنجامدا گۆڕانکاری و پیسـبوون و لادان بەسـەر خەسـلەتە تایبەتی و سـروشـتییەکانی زمانەکەدا دێت، کە بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ یان ناڕاسـتەوخۆ کار دەکاتە سـەر زمانەکە (ئاخاوتن و نووسـین)، لە ئەنجامدا زمانێکی تری جیاواز لە زمانە ڕەسەنەکە پەیدادەبێت.
- ❖ بریتییە لە پەیدابوون و هاتنەناوەوەی هەر پیسـکەرێکی زمان (دەنگ، وشـە، واتا و دەسـتور) لە زمانێکی بیانی، یان چەند زمانێکی بیانی، بۆ نێو پێکهاتەکانی زمانێکی دیاریکراو، کە خۆی بە تەنها، یان لەگەڵ کەرەسـەی تردا، لە ڕێگەی هۆکارگەلی جیاوازەوە، دەبێتە هۆی زیان گەیاندن و تێکدانی بنج و ڕەسـەنایەتی زمانەکە، بەمەش زمانەکە توانا سـروشـتییەکەی خۆی لەدەستدەدات لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم پیسـکەرەکانە و ناتوانێت بە سـەریاندا زاڵبێت و دەربەسـتیانبکات، بەرەنجامی ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات زمانێکی پیس و لاسەنگی لێوە بەدی دێت.
- ❖ بەکارهێنانی پێکهاتە و تایبەتمەندیەکانی زمانێک (شێوەزارێک)، یان چەند زمانێک (شێوەزارێکە)، لە بری زمانێکی تر، واتە قسەپێکەری زمانێکی دیاریکراو، دەنگ و پێکهاتە و وشە و تایبەتمەندییە ڕەسـەن و پـاکەکـان زمـانی خۆی بەکـارنـاهێنێـت، لە جێگەی ئەوە، زمـانێکی دیکەی بیـانی بەکاردەهێنێت بۆ پەیوەندیکردن و گواستنەوەی بیر و مەبەستەکانی.
- ❖ بریتییە لە پەیدابوونی زمانێکی شێواو بەهۆی بەرکەوتن و هاتنەناوەوەی کەرەسەی زمانی (دەنگ و وشە و ڕستە) لە شێوەزاری زمانێکی بیانی، یان لە زمانێکی بیانی، یان تەنانەت بە هاتنەناوەوەی هەندێک ژمارە و پیت و هێما و وێنە و شـێوە، بۆ نێو زمانێکی پەتی، ڕسـتە و دەسـتەواژەی ئەو زمانە شـێواوە لە ئاخاوتن و نووسـیندا شـوێنی زمانە ڕەسـەنەکە دەگرنەوە. واتە شـێوە زمانێکە بنەما و یاسـا زمانەوانی و ڕێزمانییەکان توانای بەرزەفتکردن و ڕێکخسـتنەوەی نییە، بەمەش لە ئەنجامدا زمانێکی شـێواو و پڕ لە کەموکوڕی و کرچوکاڵ دەکەوێتە بەر گوێی گوێگر و بەر چاوی خوێنەر. (فتحي زغاری، 2019: 163).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

❖ بریتییە لە ئاوێتە و تێکەڵاوبوونی کەرەســەی زمانی بیانی بە زمانێکی ڕەســەن، کە بە هۆیەوە زمانێکی شـێواو لە هەردوو شـێوەی (ئاخاوتن و نووسـین) سـەرهەڵدەدات، کە تەواو جیاوازە لە زمانە ڕەســەنەکە، بە تایبەت لە نێو توێژی لاوان و زیاتریش بە کاریگەری هۆکارە زۆرەکانی پەیوەندیکردن دەبێت، ئەمەش وای کردووە زمانێکی هەمەڕەنگ و تێکەڵی پێکهاتوو لە دەنگ و وشە و ژمارە و هێمای وێنەیی و شتی دیکەی بیانی بێتە ئاراوە.

کەواتە پیســبوونی زمان، هاتنە ناوەوە و بەکارهێنانی کەرەســە زمانی بیانی و ناڕەســەنە لە بری کەرەسـەی بنجی و ڕەسـەنی زمانە خۆماڵییەکە، کە لە ئەنجامی ململانێیەکی درێژ و بەرکەوتنێکی چڕ ڕوودەدات، کە ئەمەش گوزارشـــت لە پێگە و پایەی زمانە جیاوازەکان دەکات لە نێو کۆمەڵگەی قســەپێکەرانیدا، کە تا چەند لە خەمی پاراســتن و پاک ڕاگرتنیدان، بۆ وێنە (کاتێک کۆمەڵگەیەک پێدەزانێ زمانەکەی لە مەترسی دایە، دەتوانێ هەوڵەکانی بکاتە یەک، و هەنگاوی ئەوتۆ هەڵبهێنێتەوە کە بەڕاسـتی بکرێ زمانەکە ببوژێنێتەوە. بۆ سـەرکەوتن لەو کارەدا، هەڵبەت هەموو هەولێک دەبێ بە ئاوایەکی دروسـت بکرێ. کۆمەڵگەکە خۆی دەبێ ویسـتی ڕزگارکردنی زمانەکەی هەبێ. (کریسـتاڵ، 2006: )

ئاشکرایە لە زمانێکدا هەرچەندە ڕێژە و قەبارەی وەرگرتن و بەکارهێنانی کەرەسە لە زمانێک یان چەند زمانێک و شـێوە زارێک زۆر و بەرز بێت، ئەوا ڕێژەی پیســبوونەکەش هێندە زیاد دەکات، ئەم پیسبوونەش هەموو ئاستەکانی زمان، )فۆنەتیك، فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکس و سیمانتیك( دەردەکەوێت، لە هەر ئاست و لقێکیشدا بە ڕێژە و بڕی جیاواز دەبێت، تەنانەت ڕەنگە بە جۆرێک بێت کە پیســبوونی زمانی ئاخاوتن جیاوازتر بێت لە پیســبوونی زمانی نووســین، ئەمەش بەهۆی ئەو تایبەمەندییە جیاوازانەیە کە هەر یەک لەم شـێوەی زمانانە هەیانە، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین تەنها پیسبوونی زمان لە ئاستی وشەسازیدا بخەینە بەرباس.

## 4: پیسبوونی زمان لە ئاستی وشە (وشەسازی)دا

کاتێک زمانەکان بەریەکدەکەون و تێکەڵ بە یەکتری دەبن، زۆرترین هاتنەناوە و ئاڵوگۆڕی لە ئاســتی وشــەدا دەبێت، واتە ســەرەتا وشــەکان لە زمانەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن زمانەکان پیســدەکەن، بۆیە بە درێژای ماوەی بەریەککەوتنیان ڕەســەنایەتی زمانەکانیش کەمتر دەبنەوە، بەتایبەتی لە شــێوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاخاوتنی زمانەکەدا، چونکە (سەرچاوەی هەمو پێکهاتە زمانییەکان لە سەروی گشتیشیانەوە، وشە، قسەیە. لە گفتوگۆدا، زۆر وشە تاوتوێ دەکرێن، بەڵام بەشێکیان، قسە، ئیمزایان لەسەر دەکات، ئینجا زمان لای خۆی جێیان دەکاتەوە و دەچنە گەنجینەکەیەوە، ئەوەش کە قسە بە پەسەندی نەزانێت، فەرامۆش دەکرێت). (سدیق، 2020: دوازدە). ئەم هاتنە ناوەوە و پیسبوونانەش لە ئاستی وشەسازیدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێک و تەنانەت لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، کەواتە زمان بە پێی پێویستی، بە هۆکارگەلی جیاواز لە سنووری بەکارهێناندا وشەی زمانانی تری تێ دەڕژێت و پیسدەبێت، ئەمە نەک بە تەنها لە زمانی کوردی، یان لە شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا هەیە، بەڵکو لە زۆربەی زمانانی دونیادا بەدی دەکرێت و کەرەسە و وشە و تێرمەکان بە شێوە و ڕێژەی جیاواز لە نێوان زمانانی تریش ئاڵوگۆڕ دەکرێن، چونکە (هەر نەتەوەیەک کاتێک بەرەو شارستانییەتێکی باشتر هەنگاو هەڵدێنێ و بیەوێ سنووری چالاکییەکانی فراوانتر بکات، ئەوا ڕاستەوخۆ لەسەر زمانەکەشی ڕەنگدەداتەوە و هاوتەریب زمانەکەشی پەرە دەسێنێ و گەشە دەکات، بارتەقای ئەمەش زمانەکە پڕدەبێت لە وشە و کەرەسەی نوێی زمانانی تر و لە ڕەسەنایەتی دووردەکەوێتەوە). (وافی، 1983: 13). بۆیە هەوڵدەدەین هەندێک لەو شێوان و پیسبوونەی کە لە ئاستی وشەسازی زمانەکەمان هەیە بخەینە بەرچاو.

**ئاشتەوایی**، بەتایبەتی لە زۆربەی زمانەکانی ڕاگەیاندن بەکارێت و دەوترێت، (ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئاشتەوایی خێزان، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئاشتەوایی نێوان خەڵک، ... هتد)، کە هەموو ئەمانە لە بنچینەدا بەرانبەر بە واتای وشەی (ئاشتی، یان پرۆسەیەک کە توندوتیژی تێدا نەبێت)، بەکاردەهێنرێت، (وشەکە لە (ئاشت + ەوایی) دروستکراوە، (ئاشت) ئاوەڵناوە و بە واتای (نێوان خۆش، بێ شەڕ و تووڕەبوون) دێت و وشەی تری وەک (ئاشتبوونەوە و ئاشتکردنەوە ...)ی لێ دروست دەکرێت. لە زمانی کوردیدا (ی) وەکو مۆرفیمێکی وشەدارێژ دەچێتە سەر (ئاوەڵناو) و (ناو) دروست دەکات وەک (جوان + ی، پاک + ی، خۆش + ی، ...) بە هەمان شێوە (ئاشت + ی) دەبێتە ناو، ... بەرامبەر بە زاراوەی (السلام)ی عەرەبی بەکارهێنراوە و زمانەکە پێویستی بە زاراوەیەکی وەک (ئاشتەوایی) نییە. ... بۆیە لە کاتی بوونی زاراوەیەکی وەک (ئاشتی) کە ڕەسەن و باوە و لە زمانەکەدا ڕۆیشتووە پێویستە ئەوەیان بەکاربهێنرێت، هەروەها دانانی زاراوەیەکی تر بۆ هەمان مەبەست تەنیا دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی گوێگر و خوێنەر. جگە لەوەش نابێت یەک شت یان چەمک بە زیاتر لە

یەک زاراوە دەرببڕێت). (عەصــاف، عەبدولڕەحمان، 2013: 141)، چونکە دەبێتە بار بەســەر زمان و ئاخێوەری زمانەکە و هەروەها نەسازی و پیسیش لە زماندا دروستدەکات.

**بەروار**، وشـەیەکە لە جیاتی ڕێکەوت لە زۆربەی ئاخاوتن و نووسـینەکاندا بەکاردێت، وا دەردەکەوێت کە ئەم وشـەیە بە هەڵە لە بەرانبەر (تاریخ / date ) هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە، (وشـەی (بەروار) کە لە لایەن زۆر کەســەوە لە جیاتی (تأریخ)ی کاغەز و نووســراو بەکادێت لە هەڵەییێکی یەکجار ســەیرەوە پەیدا بووە، کە ئەمە ڕووداوەکەیەتی: پیاوێک لە دێی (بەرواری)یەوە کاغەزێک بۆ یەکێکی تر دەنووســێ، لە کۆتایی قســەکانیدا ناوی شــوێنەکەی خۆی (بەرواری) و ڕۆژی کاغەز نووسـینەکەی بەســەر یەکەوە دەنووســێ، ئیتر ئەم (بەرواری)یە بوو بە (بەروار) چونکە وا زانرا پیتی (ی) کۆتایی وشــەی (بەرواری) ئامرازی (اضــافە)یە و تاکە وشــەی (بەروار) بەواتای (تأریخ)ە). (محەمەد، 2011: 264). هەروەها عەبدولڕەحمان زەبیحی لە بارەی بەروارەوە لە بەشــی یەکەمی فەرهەنگەکەیدا بەم شێوە دەنووسێت، (ڕەنگە خراپ نەبێ بەسەرهاتی داتاشینی ووشەیەک بگێڕمەوە کە سێ ساڵێکی بەســەرچوە. ســاڵی 1943 بوو لە شــاری تەورێز، خەریکی چاپ کردنی گۆڤاری (نیشــتیمان) بووم، لە ســوریادا ڕۆژنـامەی (ڕۆژا نوو)م بۆ هـاتبوو، ووتـارێکی تێـدا بوو کە لە دوایییەکەیـدا نووســرابوو: (بەرواری- ر – ر 1943) و پاشــانیش ناوی (نووســەری وتارەکە)، لەو ســەردەمەشــدا ڕەســم وا بوو نووسەرانی ئێرانی یا شـاعیرەکان لە دوایی نووسـینەکانیاندا وشـەی (بتاریخ) و پاش ئەویش ڕۆژ و مانگ و ســاڵی نووســینی وتار و شــیعرەکانی خۆیان دادەنا. کاتێ ئەم دووانەم پێکەوە بەراورد کردن، وشــەی (بەرواری) دەگەڵ (بتــاریخ) بەرامبەر دەوەســتــان، من بێ خەبەر لەوەی (بەرواری نــاوی مەڵبەندێکە)، (کەوم) لێ بوو بە (زڕەکەو) و (بەروار) بە (تاریخ)، ئیتر لەو ســەعاتەوە هەروەک دوو (ڕێوی)م دەکونێکدا دۆزیبێتەوە وابوو، هەرچی بە دەســتی من چاپ دەکرا، پێویســت با یا نەبا وام ڕێک دەخست ئەم ووشە نایابەی خۆم دۆزیبوومەوە جێگایەکی دەست کەوێ خۆی تێ پەستێوێت. وەکو دەبینن، ئەم ووشــە بێ دایک و بابە، دایکی (جەهل و نەزانین) و باوکی (تعصــبی کوێرانە)یە و خۆم لەو ڕۆژەوە کە هەستم پێکردوە، وازم لە بەکارهێنانی هێناوە و ئەم چیرۆکەشـم بۆ گەلێ کەس گێڕاوەتەوە، بەڵام بە داخەوە هێشــتا خەڵک هەن دەســت بەرداری نەبوون). (زەبیحی، 1367: 61). دواجار هەر لە بەر ڕۆشــنایی ئەم هەڵەبوونەش لە پەرلەمانی کوردســتان ڕۆژی یەکشــەمە، ڕێکەوتی (٢٠١٠/١٠/١) بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران، دەنگدرا لەسەر گۆڕینی وشەی (بەروار) بە ڕێکەوت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پارسـاڵ**، ئاوەلکارێکی کاتە و ئەمیش لە بەکارهێناندا جۆرە نەنگی و پیسبوونێک لە زماندا دروستکردووە کاتێک کە بەسەریەکەوە بۆ هەمان واتا بەکاردێت، (ئەم وشەیە لێکدراوە و لە (پار + ساڵ) پێکهاتووە، (پار) ئاوەڵکاری کاتە و (ساڵ) ناوێکی گشتییە. وشەکە لە ڕووی پێکهاتنەوە کێشەی نییە، چونکە قالبی (ئاوەڵکاری کات + ناو) لە زمانەکەدا هەیە وەک (دوێنێ شەو)، بەڵکو کێشەکە لە بەکارهێنان و پێویست نەبوونی وشەکە دایە، چونکە وشەی (پار) خۆی بە واتای ساڵی ڕابردوو دێت و هەردوو چەمکی (ساڵ) و (ڕابردوو)ی تێدایە، ... بەم پێیە لە وشەی (پارساڵ)دا دوو جار مەودای کاتەکە دیاریکراوە، بۆیە یەکێکیان زیادەیە، زیادەکەش دەبێت (ساڵ) بێت، چونکە ساڵ هیچ ڕۆڵێکی نییە و هیچ زیادەیەکی نەخستۆتە سەر واتای وشەکە و بە لابردنیشی واتای وشەکە تێک ناچێت). (عەصاف، عەبدولڕەحمان، 2013: 142).

**پێش، لەمەوبەر**، لە هەندێک لە نووسینەکانی ئێستادا، بەتایبەتی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت لای هەندێک ڕۆشنبیریش هەڵەیەکی دیار خەریکە زۆر بە ئاسایی لە زمانەکەماندا بەکاریدێت، ئەویش کۆکردنەوەی نا پێویستی هەردوو ئاوەڵکاری کاتی (پێش، لەمەوبەر) لە دەربڕینێکدا بۆ هەمان مەبەست، وەک ئەوەی کە ماڵپەڕی زەمەن پرێس لە ڕێکەوتی (2021/01/20) لە ژێر ناونیشانی ترەمپ کۆشکی سپی بەجێهێشت، لە بەشێکیدا نووسیویەتی، (ترەمپ ئەوەی وەبیرهێنایەوە **پێش چوار ساڵ لەمەوبەر** وەک کەسێک کە پێشتر لە سیاسەتدا نەبووە هەڵبژاردنەکانی بردووەتەوە)، یان ماڵپەڕی (BMC) لە ڕێکەوتی (10 / 1 / 2021)، نووسیویەتی، (مەریەم ئۆزەرلی، تا ئێستا هاوسەرگیری نەکردووە، **پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر** لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ بازرگانی ناسراوی تورکیا (جان ئاتێش))...تاد، هەڵەی ئەم دەربڕین و بەکارهێنانی وشانە لەوەدایە کە هەردوکیان ئاوەڵکاری کاتن و هەمان واتا دەبەخشن و کاتێک پێشان دەدەن کە ماوەی ڕوودانی کارەکەی تێپەڕیوە، بۆیە بەکارهێنانیان پێکەوە هەڵەیە و زیادەبارییەکە و دەخرێتە سەر واتای ڕستەکە، چونکە (پێش چوار ساڵ)، کاتەکەی بەسەر چووە و هەمان واتای (چوار ساڵ لەمەوبەر) دەگەیەنێت، یان (پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر) دەگێنێت، کەواتە بەکارهێنانی هەریەك لەم ئاوەڵکارانە بە تەنیا ڕاست و دروستترە و مەبەستی تەواو دەدات بەدەستەوە. کۆکردنەوەی هەردووکیان لە ڕستەیەکدا تەنها پیسکردنی زمانی لێدەکەوێتەوە.

**پێشنیار**، ئەم وشەی دەمێکە بۆتە هەڵەیەکی باو و بەرانبەر (پێشنیاز) بەکارهاتووە، دەگوترێت، کاتێك مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە چاپخانەکەیدا فەرهەنگی نۆبەرەی چاپدەکرد، یەکێك لە کرێکارەکان بە هەڵە لە بری پیتی (ز) پیتی (ر) بۆ (پێشنیا) دادەنێت، لەو کاتەوە بە هەڵە (پێشنیاز) بۆتە (پێشنیار) و تا ئێستا هەر بەم شێوەیە بەکاردەهێنرێت. لەلایەکی تر (خاتوو کوردستان موکریانی هەر لە چوارچێوەی بە ڕاست زانینی (پێشنیاز)، بابەتێکی نووسیوە. بەڕێزیان پێی وایە لە چاپی قامووسەکەی مامۆستا گیوی موکریانی، (باوکی خاتوو کوردستان)دا، بە هەڵە و بە هۆی لێک نیزیک بوونیان، لە کاتی تایپکردندا، پیتی (ر) لە بری پیتی (ز) داندراوە و لە بنەڕەتدا مەبەستی مامۆستا گیو پێشنیاز بووە نەک پێشنیار). (قاسمی، 1394: ). هەندێک جار کە وشەیەک زمانەکەمان پیسدەکات و دەبێتە هەڵەیەکی باو و لە نێو ئاخێوەرانی زمانەکەدا ڕێچکەی خۆی دەگرێتە بەر، گرفتی گەورە لەوەدایە کە کات و ماندووبوونێکی یەکجار زۆری پێویستە تا ئەم هەڵە و پیسبوونە ڕاست بکرێتەوە و چارەسەربکەرێت.

**تەندروست**، ئاوەڵناوێکی لێکدراوە و پێکهاتووە لە (تەن + دروست)، تەن بە واتای جەستە و دروست واتا بێ کەموکوڕی و بێ گیروگرفت. ئەم وشەیە زیاتر بۆ لەشساخی و لە ناوندی نەخۆشخانەکان بەکاردەهێنرێت و هەر لەم بوارەشدا زانستی و دروستترە، بەڵام لە هەندێک کات و شوێن بە هەڵە بۆ واتایەکی تر بەکاردێت و دەردەبڕدرێت، وەک ئەوەی کە دەوترێت، (**کۆبوونەوەیەکی تەندروست، یا کەشێکی تەندروست**، ... تاد)، ناپەسندە، چونکە بەکارهێنانی ئەم وشەیە (بە واتای باش، چاک، ڕاست، ساغ، خۆش، ..... تد، هەڵەیە، بەڵکو زۆرتر گونجاوترە کە تەنها بۆ لایەنی نەخۆشی و برینداری و ئەو بارانەیە کە لە نەخۆشخانەکان دێنە ئارا و بەدیدەکرێن. وەک ئەوەی دەوترێت: کۆبونەوەکان لە کەشێکی تەندروست بەڕێوەدەچن. ڕاستترە بوترێت: کۆبونەوەکان لە کەشێکی ئارام بەڕێوەدەچن). (حەسەن، 2011: 68)، چونکە کۆبوونەوە یان کەش، ... تەنی نییە هەتاکو باش و بێ کەموکوڕی بێت. بۆیە ئەم شێوە بەکارهێنانە هەڵە و پیسبوونی زمانی لێدەکەوێتەوە و ڕەسەنایەتی زمانەکەش کاڵ دەکاتەوە، چونکە هەرگیز ئاخێوەری کورد لە کۆندا بەم شێوەیە قسەی نەکردووە.

**خوارسک**، ئەم وشەیە لەم دواییانە لە بری وشەی خۆڕسک بەکاردێت، (ڕێزدار (عەلی باپیر) وشەی خۆڕسکی تێکشکاندووە و خواڕسکی داهێناوە. ... کە هەرگیز واتای گیانپێدان و ڕۆح پێبەخشین نادا، وەک ئەوەی عەلی باپیر بۆی چووە و لەسەر ئەو بنەمایەش دەسکاری کردووە). (ئەحمەد ، 2020:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

112). وەک ئاشکرایە مامۆستا عەلی باپیر پشت بەستن بە تێگەیشتن و باوەڕە ئاینییەکەی، وشەی (خوارسـک)ی لە بری (خۆرسـک) بەکارهێناوە، کە لە ژمارە (491)ی ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)، کە لە ڕۆژی سـێشـەممە، ڕێکەوتی (16 / 9 / 2009) دەرچووە، لە لاپەڕە (10)دا، ئەڵقەی دووەمی دیمانەیەک لەگەڵ بەڕێز (عەلی باپیر) بڵاوکراوەتەوە، لە ژێر ناونیشانی (هاوپەیمانێتی لەبەر ڕۆشناویی وەحی و عەقڵدا)، لە بەشـێکی وەڵامی پرسـیاری (ئایا چ بەڵگەیەکی شـەرعی هەیە لەو بارەوە کە لایەنێکی ئیسـلامی یان چەند لایەنێکی ئیسـلامی لەگەڵ لایەنێکی غەیرە ئیسـلامیدا هاوپەیمانێتی بکەن، جا هەر ئینتیمایەکی فیکری هەبێت، یاخود کارێکی هاوبەش بکەن؟)، نووسراوە: (...پاشان خۆشویستنی خەڵک و خاکیش شتێکی **خوارسک** (فطري)ەو هەموو مرۆڤێک هەیەتی،...). ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئایەتی (الله خالق كل شيء وهو على كل شيء وكيل). (الزمر، 62)، لە وشەکە بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کە وشەی خوارسک ڕاسـتترە، چونکە هیچ شتێک لەم گەردوونەدا نییە کە هەر لە خۆوە بێتە بوون، بەڵام خودی وشەی خۆرسک هەڵەیەکی باوە و بەم شێوەیە ڕۆیشتووە، بۆیە ڕەنگە ڕاستکردنەوە و بە ڕاست بەکارهێنانی وشەکە جارێکی تر زمانەکە پیس و ناساز بکاتەوە، چونکە ڕەنگە هەڵەیەکی باوی ڕۆیشتوو لە ڕاستییەکی سەلمێنراوی تازە زۆرتر بایەخی بەکارهێنانی هەبێت.

**ڕۆژوەوان**، وشـەیەکی نوێیە و بەم دواییـانە هـاتۆتە نێو فەرهەنگی زمـانی کوردییەوە، ڕۆژوەوان ئاوەڵناوێکی بکەری داڕژاوە پێکهاتووە لە (ڕۆژوو + ەوان)، کە لە ئاینی ئیسلامدا بە کەسێک دەوترێت لە مانگی ڕەمەزاندا فەریزەی ڕۆژوگرتن ئەنجام دەدات، لە کۆندا و تاوەکو ئێسـتـاش لە نێو زۆربەی ئاخێوەرانی کورددا وشـە ڕەسـەنە باوەکە زێدەتر بەکاردەهێنرێت کە (ڕۆژوگر)ە، کە بە هەمان شـێوە ئاوەڵناوێکی بکەرییە و لە ڕووی پێکهاتنەوە لێکدراوە کە لە ناوی (ڕۆژوو) لەگەڵ ڕەگی چاوگی (گرتن) سازکراوە. بۆیە پەسەند نیە لە زماندا بە حەز و ئارەزوو، یان بە هەر پاساوێکی تر وشەیەک دابتاشرێت بە تایبەتی لە بارێکدا کە پێشـتر مەبەسـتەکە خرابێتە قالبی وشـەیەک و هەموو ئاخێوەرانیش لێی تێبگەن و بەکاری بهێنن، چونکە دەبێتە هۆی پیسبوونی زمانەکەمان.

**سەرپەرشتیار**، ئەو وشەیە بە هەڵە بەرانبەر وشەی (سەرپەرشت) بەکاردەهێنرێت، کە واتای کەسێک کە سیفەتی چاودێری و ئاگاداری و ئاڕاستەکردن و پاراستنی هەبێت بەسەر کەسێک یان شتێک یان ناوەندێکی دیاریکراوەوە. لە ڕووی دروستبوونەوە دەکرێت وشەکە لە (سەرپاراستن)ەوە، سەرچاوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرتبێت، کاتێک ناوی بکەری لێ دروستکراوە، بۆتە (سەرپارێز)، هەر بەم شێوەیە چووەتە نێو زمانی فارسی و بۆتە، (سرپرست)، لە فارسیدا وەک، (سەرپەرەست) گۆدەکرێت، هەر بەم شێوەیە جارێکی تر هاتۆتەوە نێو زمانی کوردی، بە تێپەڕبوونی کاتیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و (س)ەکە، گۆڕاوە بە (ش)، بۆتە (سەرپەرشت)، کەواتە سەرپەرشت خۆی ناوی بکەرییە، لە لایەکی تر بوونی پاشگری (یار)ە، کە ئەویش ناوی بکەری دروستدەکات، بۆیە کاتێک سەرپەرشت خۆی وەکو ناوێکی بکەری بەکاربێت، هیچ پێویست بە پاشگری (یار) ناکات تا جارێکی تر بکرێتەوە بە ناوی بکەری و ببێتە، (سەرپەرشتیار).

**ڤارێز**، ئەم وشەیە لە سەرەتاکانی دەرکەوتن و پەرەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستان بەرانبەر بە وشەی (کەرەنتین)، لە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەرکەوت و بەکارهات، بۆ نموونە لە ڕێکەوتی (14 / 3 / 2020)، لە لاپەڕەی فەیسبوکەکەیاندا، نووسیویانە: (لەمەودوا تۆڕی میدیایی ڕووداو لەبری وشەی کەرەنتین وشەی کوردیی **ڤارێز** بەکاردەهێنێت)، هەروەها لە ڕێکەوتی (15 / 3 / 2020) لە ماڵپەڕەکەیان بە ناونیشانێکی گەورە نووسراوە: (وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان: ئەو کەسانەی **ڤارێز** دەکرێن دەبێت بە تەنیا لە ژوورێکدا بن)، ... تاد. لە بنچینەدا وشەکە، لە (Quarantine)ەوە، هاتووە کە وشەیەکی لێکدراوی ئیتالی فەڕەنسیە و ڕەچەڵەکی وشەکەش لاتینییە، کە بە شێوەی وەرگرتن و قەرزکردن هاتۆتە نێو زمانی ئینگلیزی و لەوێشەوە هاتۆتە نێو زۆربەی زمانەکانی تر، کە بە گشتی هەڵگری واتایەکی تەندروستییە و لە هەموو زمانەکانیش بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتووە، کە واتای دیاریکردنی شوێنیك دێت بۆ قەتیسکردن و دابڕینی خەڵکی نەخۆش و تووشبوو بە پەتایەک، بە ئامانجی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی پەتاکە. گرفتی ئەم وشەیە لەو گرفتانەیە کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی زمانی کوردی بووەتەوە، بەوەی کە هەندێک دەزگا و دامەزراوە، بەتایبەتی دامەزراوە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن سەرقاڵی وەرگێڕان و داتاشینی زاراوە و بەکارهێنانیانن، کە ڕەنگە ئەمە لە کار و پسپۆڕی ئەواندا نەبێت و بە هۆیەوە زمان و فەرهەنگی کوردیش دەشێوێت. زاراوەکان وشەی خاوەن چەمک و واتا و پسپۆڕی تایبەتن و لەلایەن کۆمەڵێک کەسەوە بۆ مەبەستێکی دیاریکراو، بە پێی پێداویستی و لە هەلومەرجێکی تایبەتی ژیان سازدەکرێن، وە هەمیشە ڕێککەوتنی دەستە و کۆمەڵێکی پسپۆڕی لەسەرە. بۆیە داتاشینی وشەیەکی وەک (ڤارێز)، کە گوایە لە (ڤایرۆس

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

+ پارێز = ڤارێز) ســاز و پێکهاتووە، لەلایەن کەســانێکی نا پســپۆر، یاخود دەزگایەکی میدیایی، تەنها فەرهەنگ و زمانی کوردی دووچاری پیسبوون و شێوان دەکەنەوە.

**کاژێر**، لەگەڵ دامەزراندنی تۆڕی میدیایی ڕووداو، بەکارهێنانی وشەی (کاژێر) لە بەرانبەر (کاتژمێر)دا، بەشێوەیەکی بەرفراوان بەدیکرا، وەک ئەوەی بە جۆرێک بەسەر هەموو بێژەر و نووسەر و پەیامنێر و پێشــکەشــکارەکانیدا ســەپاندبێت کە دەبێت (کاژێر) بۆ (کاتژمێر) بەکاربهێنن. ماڵپەڕی ڕووداو لە ڕێکەوتی (14 / 12 / 2013)، بە ناونیشــانێکی گەورە دەنووســێت: (ڕووداو بۆ **کاژێر** بەکاردێنێ لە جیاتی کاتژمێر؟)، ئەو پاساو دەهێنێتەوە و نووسیویەتی، (زۆر بینەر و بیسەری ڕووداو دەپرسن، بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو وشــەی کاژێر لە بری وشــە باوەکە، (کاتژمێر) بەکاردەهێنێت. کاژێر ئاماژەیە بۆ کات، کاتژمێر ئاماژەیە بۆ ئەو ئامێرەی، کە کاتەکەی پێدەپێورێ و دیاریدەکرێت. هەروەها بە پێی بەشــی زمانەوانی ڕووداو، زمانی کوردی لەو نموونانەدا دەوڵەمەندییەکەی زۆر زیاتر لە زمانی دیکە دەردەکەوێت. دەســتەواژەی (کاژێر) لە جیاتی(کاتژمێر) پێشــتریش بۆ ئاماژەکردن بە کات زیاتر لە لایەن شوکر مستەفا، زمانزانی کۆچکردووی کورد بەکاردەهێنرا). لەڕاستیدا وەک دەردەکەوێت وشەی (کاژێر) هیچ پەیوەندییەکی بە کاتژمێرەوە نییە، بۆیە بەکارهێنانی (کاژێر) لە بری کاتژمێر نابێتە پاســاو بۆ ئەوەی کە (کاژێر) کورتکراوەی وشــەی (کاتژمێر) بێت، ئەمەش هەڵەیەکە و دەبێتە هۆی شێوان و پیسبوونی زمان، چونکە ناشێ وشەیەک دابتاشرێ بۆ واتایەک کە لە زمانەکەدا هەبێت. جگە لەوەش، ئەگەر گوزەرێک بە نێو فەرهەنگە کوردییەکاندا بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە (کاژێر) لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە و واتاکەی ڕوون و ئاشــکرایە، بۆ نموونە، (کاژێر: شــەویلاکە، شــەویلکە، شــەویلە، ســوچ و قوژبنی ئۆدە، تاقە لە دیواردا، برێتی لە ڕەحەت بووگ لە گاندا، ئۆدەی خەڵوەت لە تەکیەدا). (موکریانی، 1369: 600)، هەروەها (کاژێر: دەلاقەی ناو دیوار، شــەویلە، گۆشــە و ســوچ). (خاڵ، 2005: 355)، یان (کاژێر: کاژەڵە، دەلاقەی نێو دیوار). (موکریانی، 1999: 732). بۆیە لە زمانی کوردیدا وشەی (کاژێر) بە هیچ شێوەیەک واتای (کاتژمێر) نادات. کاری سەرەکی وشەکانی هەر زمانێک گەیاندنی واتا و مەبەســتە، بۆیە ناکرێت وشــە بەکاربهێنرێت کە هیچ ئاماژەیەکی بۆ واتا و مەبەستەکە تێدا نەبێت، ئەگەر ئەمەش کرا، ئەوا بێ سەر و بەری و شپرزەیی لە زماندا دەردەکەوێت و زمانەکە پیسدەکات.

**کوشــتارگە**، ئەم زاراوەیە بە شــوێنی ســەربڕینی ئەو ئاژەڵ و پەلەوەرانە دەگوترێت کە گۆشــتیان دەخورێت، ئەمەش لە بەرانبەر (مجزره)ی زمانی عەرەبی بەکارهاتووە، بەڵام کاتێک ئەو زاراوە بۆ شوێنی کوشتنی کۆمەڵێک مرۆڤ، یان بۆ کوشتنێکی بە کۆمەڵی ئەو باڵندە و ئاژەڵانەی کە گۆشتیان ناخورێت بەکاردێت، هەڵە و پیسبوون دروستدەکات، بۆ نموونە کە دەگوترێت، (کێ بەرپرسە بەرانبەر کوشـتارگە و جینۆسـایدی کوردانی ئێزیدی؟)، یان (لە بەرازیل زیندانیان کردە کوشـتارگە)، یاخود (لە بێجیی عێراق مینەکان کێڵگەکان دەکەنە کوشــتارگە)، لە یادی هەڵەبجەدا (حەســەن کەعبی، جێگری یەکەمی سـەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، "ئەمڕۆ یادی (33) سـاڵەی کوشـتارگە بێڕەحمانەکەی شـــاری هەڵەبجەی دەکەینەوە)، ... تاد. چونکە (زاراوە کوردییەکە لە ڕووی ڕۆنانەوە پێکهاتووە لە (کوشـت + ار + گە). (کوشـت) لە چاوگی کوشـتن وەرگیراوە، (ار) پاشـگرێکی وشـە داڕێژە و بە ڕەگی کرداری ڕابردوو ئێســتا و ناوی چاوگەوە دەلکێ و ناوی داڕێژراوی لێ دروســت دەکرێت، ... (گە)یش پاشـگرێکی وشـەداڕێژە و شـوێن نیشـان دەدات. (کوشـتن) لەڕووی واتاوە بۆ کرداری کۆتاییهێنان بە ژیـانی مرۆڤ و گیـانلەبەران بەکـاردەهێنرێـت، بە گشــتی بۆ ئەو گیـانلەبەرانە بەکـاردەهێنرێـت کە گۆشــتیان ناخورێت. ... کورد بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی ئەو گیاندارانەی کە گۆشــتیان دەخورێت بە مەبەسـتی خواردنی گۆشـتەکەیان، (کوشـتنەوە)ی بەکارهێناوە. نەک کوشـتن. ... هەندێک جار لەبری (کوشتارگە) زاراوەی (سەربڕخانە) بەکاردەهێنرێت کە ئەمەیان گونجاوترە). (عەصاف، عەبدولڕەحمان، 2013: 143).

**کەراندن**، ماڵپەڕی (کۆباس) لە ڕێکەوتی (21/ 2/ 2022) لەســەر زاری نووســەر (جەمال عەبدوڵلا)، نووســیویەتی، (جەمال عەبدوڵلا، نووســەری پارتی و وتەبێژی پێشــتری حوکمەتی هەرێم: ئەوانەی داوای ڕادەســتکردنی نەوتی کوردســتان بە بەغدا دەکەن، **کەرێنراون**). ئەگەر لە وشــەی (کەرێنراون) وردبینەوە، دەتوانرێت بە یەکێک لەو وشــانە دابنرێت کە بەشـێوەیەکی نازانسـتی لە زمانی کوردیدا سـازکراوە و بەکارهاتووە، بێ ئاگا لەوەی کە دەبێتە هۆی پیسـبوونی زمانەکە ، ئەگەر لە ژێر ڕۆشـنایی وشـــەســـازی زمانی کوردیدا، لە وشـــەی (کەرێنراون) وردبینەوە، دەبینین کە کارێکی بکەر نادیارە، ســـەرچاوەی ئەم کارەش بۆ چاوگی (کەراندن) دەگەڕێتەوە، بۆیە کاتێک وەکو کارێکی بکەر نادیار لە دەمی ڕابردوو لەگەڵ ڕاناوی لکاوی کەســی ســێیەمی کۆ بەکاردێت، دەبێتە (کەرێنراون)، ئەمەش نـادروســـتە، چونکە (اندن) مۆرفیمی تێپەڕاندنە و دەچێتە ســـەر چاوگە تێنەپەڕەکان و دەیانکاتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاوگێکی تێپەڕ، وەک (چوون – چوواندن، سـووتان – سـووتاندن، تەقین – تەقاندن، ... تاد)، بەڵام ناوبراو بە هەڵە ئەم مۆرفیمەی خستۆتە سەر ناوی (کەر) و چاوگی (کەراندن)ی لێ داتاشیوە، تاوەکو شـێوەی کاری بکەر نادیاری (کەرێنراون)ی لێ دروسـت بکات، کە ئەمەش لەگەڵ یاسـا و ڕێسـاکانی وشەسازی و زمانی کوردیدا یەکناگرێتەوە و زمانەکەی پیس و ناحەز کردووە.

**نازناو**، بە واتای ناسـناو، ئەمەش زاراوەیەکی ترە و بە هەڵە بەکاردێت لە زمانی کوردیدا، بەڵام بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە زانکۆ و ناوەندەکانی فێرکردن و توێژینەوە بەکاردێت، (زۆربەی زانکۆکانمان لە نووسـراوەکانیان و ئەو مامۆسـتا و توێژەرانەی باسـی پلە و ناسـناوی زانسـتی دەکەن لە جیاتی زاراوەی(ناسـناو)، (نازناو) بەکاردەهێنن. ئەمە هەڵەیێکی باوی زمانەوانییە. (ناسـناو) و (نازناو) دوو وشـەی لێکدراوی زمانی کوردین ، دوو واتای جیایان هەیە و بۆ دوو مەبەسـت و چەمکی جیا بەکاردەهێنرێن. وشـەی (نازناو) لە (ناز و ناو) پێکهاتووە.. ئەو ناوەیە کە بۆ نازدان و خۆشـەویسـتی لەمناڵ و کەسانی خۆشـەویست دەنرێ. وەک (ژوژو یا ژیکە بۆ ژیان)..(کارۆ بۆ کاروان)..(ترێ بۆ تارا) بۆ .. هتد. (ناسناو)یش وشەیێکی لێکدراوە لە (ناس ـــــ ناو) پێکهاتووە. ئەو ناوەیە کە کەسێ پێی دەناسرێت لە ئەنجامی هەندێ هۆکاری وەک: ناوی پیشە (ئاسنگر - دارتاش - بەقاڵ ...هتد)، ناوی خێڵ: (هەرکی – دزەیی - خۆشناو ...هتد)، ناوی گوند و شار و ناوچە و وڵات: (مەخمووری - بادینی - میسری ...هتد)، پلەی زانسـتی: (پرۆفیسـۆر - دکتۆر - پرۆفیسـۆری یاریدەر- مامۆسـتا - زانا ... هتد)، هۆی پەککەوتن و نەسـاغی و سـیما: (حەمە شـەڵ - قالە لووتفسـتق - حەیدەرە کەچەڵ .. هتد)، ڕێکەت و هۆی و ڕووداو: (کەچەلێف - قوڕاو ..هتد) و زۆر هۆکاری تر. لە زمانی عەرەبیدا بۆ (نازناو)، (اسم الدلع) بەکار دەهێنرێ. بۆ ناسناو و پلەی زانستی (اللقب) بەکاردەهێنرێ. و وشەی (کنیە)ش هەیە بۆ ناسناو. لە زمـانی ئینگلیزیـدا بەرانبەر (نـازنـاو) (pet name)، و بەرانبەر (نـاسـنـاو) ئەم وشـانەی هەیە (Familyname - Nickname - Surname). بەمە دەردەکەوێ کە (پرۆفیسـۆر و مامۆسـتا و مامۆستای یاریدەر و پرۆفیسۆری یاریدەر...هتد) هەموو (ناسناو)ن، نەک (نازناو)).[2]

**نووسـراودان**، (گەنجینە و نووسـراودانە گولاویيەکە نزیکەی 40 هەزار خوێنەر سـودمەندبوون لە ئەرشیفەکەی)، ئەم ناونیشانە لە ژمارەیەکی تایبەتی بڵاوکراوەی (زەمەن)، کە لە ڕۆژی (سێشەممە)ی ڕێکەوتی (19 / 5 / 2020) بڵاوکراوەتەوە، سـەرنجی ڕاکیشـام، لە ژێریدا نووسـراوە: (پاش مردنی

[2] لە لاپەڕەی تایبەتی (د. وریا عومەر ئەمین) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وەرگیراوە.

نەوشێروان مستەفا، بەشی زۆری کتێب و **نووسراودان** و دەستنووسە دانسقەکانی، وەک میراتێکی فەرهەنگی پارێزران و لە نووسراودانێکی گەورەدا، بەناوی نووسراودانی وشە لە گردی زەرگەتە خرانە بەردەســـت، بۆ ئەوەی خوێنەران و نووســەران و خوێنـدکـارانی زانکۆ و توێژەران ســود لە نووســراودانەکەی وەرگرن). وا دەزانم وشــەی (نووســراودان)، بە واتای کتێبخانە بەکارهاتبێت. ئەم وشـەیە پێکهاتووە لە (نووسـراو + دان)، کە (نووسراو)، ئاوەڵناوێکی بەرکارییە و (دان)یش پاشگرێکە ناوی شـوین دروسـتدەکات، وەک لە نموونەگەلی (خوێدان، ئاگردان، گوڵدان، ...)دا دەبینرێت. ڕەنگە لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی کە ئەم وشەیەش بۆ شوێنی نووسراو و کتێب بەکارهاتووە، دروست بێت، بەڵام زمانەکەمان کە وشەیەکی وەک (کتێبخانە)ی ڕەسەن و پەتی هەبێت، چ پێویست بە داڕشتنی وشەی نوێ بۆ هەمان واتا دەکات، داڕشـتن و بەکارهێنانی وشـەش هەر لە خۆوە ناکرێت، بەڵکو پێویسـتی بە کات و شـوێنی گونجاو و شـارەزایی و پسـپۆری تایبەتمەند هەیە، چونکە بە پێچەوانەوە زمانەکەمان توشی هەڵە و پیسبوونی زۆر دەکاتەوە.

**نوێژخوێن**، ماوەیەکە ئەم وشەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بری (نوێژکەر) بەکاردێت، هەردوو وشەکە نوێژکەر و نوێژخوێن، ئـاوەڵنـاوی بکەری لێکـدراون، بە جۆرێـک نوێژکەر پێکهاتووە لە (نـاو + ڕەگ + پاشـگر)، کەچی نوێژخوێن پێکهاتووە لە (ناو + ڕەگ)، هەردوو وشــەکە بۆ کەسـێک بەکاردێن کە نوێژ بکات و کڕنۆش بۆ خودا دەبات. نوێژکەر وشــەیەکی کوردیی کۆنە و لە مێژە لە نێو ئاخێوەری کورد بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەگەر ســەرنج بدەینە وشــەی نوێتر و تازە داتاشــراوی (نوێژخوێن)، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕواڵەت و دەربڕیندا جوانە، کەچی بە ئەندازەی نوێژکەر واتا و مەبەســتەکەی تایبەتییەکەی ناگێنێت، ڕەنگە پاساوەکە ئەوە بێت کە بەشێکی وشەکە کە (کەر)ە، واتای جوان نەبێت و لەگەڵ پیرۆزی پەرستشەکە نەگونجێت بەوەی کە ناوی گیاندارێکی ناحەزە، یاخود لە ژێر کاریگەری (نمازخواندن)ی زمانی فارســییەوە ســازکرابێت. لەلایەکی تر ئەگەر لە واتای (خوێن) وردبینەوە کە ڕەگی چاوگی خوێندنە و بۆ کارێک بەکاردێت کە واتای خوێندنی تێدایە کە زۆرتر جوڵەی زار یان چاوی لەگەڵدایە، بۆ نوێژیش تا ئەو شــوێنە دروســتە کە بەشــێکی خوێندنی نزا و ئایەتی قورئانی پیرۆزە، بەڵام بەشــە کـاریگەر و دیـارەکەی نوێژ جولەی زۆری تێـدایە، بۆیە نوێژکەر لە نوێژخوێن دروســتترە. وەک دەردەکەوێت هەندێک جار بەشــێک لەو وشــە و زاراوانەی زمانی کوردی کە تازە ســـازکراون و بەکاردێن، شــێوە و ڕواڵەتێکی گونجاویان هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەرێژەی جیاجیا

نادروستن. بۆیە ناکرێت لە بواری بەکارهێنانی وشە و زاراوەدا، گرنگی بە شێوە و ڕوخساری وشەکان بدرێت لە بری واتا و ڕاستی و دروستی، چونکە (زمانی بەکارهێنراوی هەنوکەیی لە کۆمەڵێک خەڵک بۆ یەکێکی تر یان لە قسەکەرێک بۆ یەکێکی تر لەناو هەمان بازنەی زمان بەگوێرەی ڕاڤەکردنی زمانەوانی، هەڵبژاردنی وشە و بەخشینی واتای ئەم وشانە، هەروەها لە داڕشتنی ڕستەکانیش یەک جۆر نییە). (خورشید، 2011: 24)، بۆیە لەبەرچاو نەگرتنی ئەم بارە دەبێتە هۆی پیسبوونی زمان.

**نەبەکام**، بە واتای ناکام و نەگەیشتن بە ئەنجام، ئەم وشەیەم لە کەناڵی ڕاگەیاندنی KNN بەرچاو کەوت و گوێ لێبوو، لە ڕێکەوتی (23 / 3 / 2022)، کاتێک دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ پزیشکێکی خاوەن ئەزمونی بواری ئافرەتان ئەنجام دەدا، بەرنامەکە لە ژێر ناونیشانی (لەدایکبونی **نەبەکام** و مەترسییەکانی لەسەر تەندروستی منداڵ)، پەخشدەکرا، چەندین جار دەنووسراو دەگوترا (نەبەکام). هەر بەڕاستی بەکارهێنان و نووسینی وشەیەکی لەم شێوەیە جێگەی سەرنجە و لە پای چییە و چ مەبەستێک دەگەیەنێت!، بە تایبەتی کاتێک لە فەرهەنگی زمانەکەماندا وشەیەکی کوردی و ڕەسەنی وەک (ناکام) کە پڕ بە واتاکەیە، هەبێت و هەموو قسەپێکەرانیشی زۆر بە ئاسانی بتوانن لێی تێبگەن.

بۆیە بەکارهێنان و نووسینی وشە و زاراوەی نادروست لە ڕاگەیاندنەکاندا زمانی کوردی توشی شێوان و پیسبوونێکی ئاشکرای مەترسیدار دەکەنەوە، چونکە (میدیاکان بەگشتی کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر بابەتی زاراوەسازییەوە هەیە، چونکە لەڕێگەی میدیاکانەوە دەکرێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو زاراوانەی کە مەبەستن پەخش و بڵاوبکرێنەوە). (عەلی، 2014: 180). لە هەموو وڵاتێکدا دەزگای تایبەت هەن بۆ ئاگاداربوون لە زمان و پاراستنی ڕەسەنایەتییەکەی، هەروەها بۆ دیارییکردن و دانانی وشە و زاراوەی نوێ، تاوەکو هەر کەسێك بۆی نەبێت بە هیچ شێوەیەك لەلای خۆیەوە، بە ئارەزووی خۆی بێت بڕیار بدات و وشە دابتاشێ، چونکە ئەمە نەک هەر زمانەکە پیسدەکات، بەڵکو بەردەوام بوونی ئەم بارە ڕەنگە زمانەکەمان بخاتە بەردەم هەڕەشەی لە نێوچوون. بەداخەوە ئێستا لە بۆشایی نەبوونی دەزگا و ناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکانی زمان، ڕۆژانە وشە و دەستەواژە و زاراوەی نوێی هزری، فەلسەفی، زانستی، تەکنیکی دەردەکەون، هەرکەس بە ئارەزووی خۆی وشەیەك دادەتاشێ و زۆرجاریش وشە هەڵەکە دەڕوات و دەبێتە هەڵەیەکی باو و زاڵ، (دەوجا کە هەڵە بوو بەسەرچاوە بۆ خۆت لێک دەوە چەند ئەرک و عەزابی دەوێ تا هەڵەبوونی ساغ دەکرێتەوە و ئەو بایەخەی پێی دراوە لە نووسین و توێژینەوەدا دەسڕێتەوە). (محەمەد، 2011: 264).

**هەسـتیار**، ئەویش زاراوەیەکە و بۆتە هەڵەیەکی باو لە زماندا، ئەم زاراوەیە ئاوەڵناوێکە و پێکهاتووە لە (هەست + یار)، (هەست) ناوە و (یار) پاشگرێکە. هەڵەی ئەم زاراوەیە لەوەدایە کاتێک بۆ حاڵەتێکی جیاواز لە مەبەسـتی ڕاسـتەقینەی خۆی، کە زیاتر بەرانبەر (حسـاس)ی عەرەبی بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە کە دەوترێت، **(لە کەشـێکی هەسـتیاردا)**، یان **(لە بارودۆخێکی هەسـتیاردا)**، ...تاد، ئەمە هەڵەیە، چونکە (لە سـەرتاپای مێژوی کوردا کەس ئەم چەمکەی لەبری (حسـاس)ی عەرەبی بەکارنەهێناوە. دەتوانین لەبری ئەوەی بە هەڵە بڵێین: لە هەلومەرجێکی هەستیاردا، جوانترە بڵێین: لە هەلومەرجێکی ناسـک یان شـلۆقدا. لەبری کێشـەیەکی هەسـتیارە. جوانترە بڵێین: کێشـەیەکی گرنگ، یان ئاڵۆزە. (حەسەن، 2011: 66). زۆر ڕاست و دروستترە ئەگەر کورد زاراوەکە بەرانبەر (حساسیة)ی عەرەبی بەکاربهێنێت، نەوەک بە واتا و مەبەستێکی تر، چونکە ڕاستەوخۆ زمانی کوردی پیسدەکات.

هەرچەندە زمانی هەموو نەتەوەیەک ڕۆژانە لە گۆڕاندایە، بەڵام ئەوە ئاخێوەرانی نین کە بڕیاری لێ بدەن، بەڵکو سروشتی زمانەکە و کۆمەڵگەیە بڕیاری لێدەدات، ناشبێت ئەوەی ڕاستبۆوە بە ئارەزووی خۆی ڕۆڵی زمانەوان بگێڕێت و هەڵسـێت بە داتاشـین و بەکارهێنانی وشـە و زاراوە و زمانەکەمان بشـێوێنێت، لە کاتێکدا (زاراوە وشـەیەکن لە ئەنجامی ڕێکەوتنی شـارەزایانی زمانەوە بۆ ناولێنانی داهات و داهێنانی تازە لەناو کۆمەڵەوە دادەنرێت و لە ئەنجامی پەیوەندی و بەکارهێنانی پێویسـتی ژیانی ڕۆژانەوە بەکاردەهێنرێن ودێنەکایەوە). (شوانی، 2011 : 117)، نەک وەک ئەوەی دەردەکەوێت بە پاسـاوی جیاجیای نازانسـتی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی وەک بێڕێزی نەکردن و ئازارنەدان و ڕەچاوکردنی هەسـتی کەسـی، هەندێک لە ڕۆشـنبیران و دەرونناس و کۆمەڵناسـان ڕێکخراوە مەدەنییەکان و دەزگا و ناوەند و میدیاکان و ...، هەوڵی تێکدان و پیسـکردنی فەرهەنگ و زمانی کوردی دەدەن، بە سـازکردن و بەکارهێنانی کۆمەڵێک وشـە و زاراوەی نادروسـت، کە بە شـێوەیەکی بەرفراوان لە ئاخاوتن و نووسـینەکانیاندا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە زاراوەکانی **(نابینا** و **ڕۆشـندڵ)** بەرانبەر بە **(کوێر)** و **(نـابیسـت)** بەرانبەر بە **(کەڕ)** و **(نـاگۆ)** بۆ **(لاڵ)** و **(بێهـاوژین)** بۆ **(بێوەژن)** و **(گەورەکچ)** بۆ **(قەیرە)** و **(گەورەساڵ)** بەرانبەر بە **(پیر)**... تاد، کە هەرگێز کورد لە کۆندا ئەم زاراوە تازە سازکراوانەی بەکارنەهێناوە و گومانیشی تێدا نییە کە کورد لە کۆنیشدا هەرگیز گەلێکی بێ هەست و دواکەوتووی کۆمەڵایەتی نەبووە تا پێویست بکات ئەو وشە و زاراوە تازانە بەکاربهێنێت. لەلایەکی تر لە زماندا سـازکردنی زاراوە و بەکارهێنانی هەر لە خۆوە نییە و (لە دروسـتبوون و پەیدابوونی زاراوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێویستە دوو مەرجی سەرەکی ڕەچاوبکرێت، پێویستە هەر چەمکێک یان شتێک بەزاراوەی سەربەخۆ دەربپڕێت و زیاتر لە یەک زاراوە بۆ چەمکێک یان شـــتێک دانەنرێت). (عەبدوڵلا، 2013 : 232)، بۆیە ئەمانە هەمووی وشەی زیادەن بۆ واتاکان و زمان و فەرهەنگی کوردییان پیسکردووە.

پێویستە ئەوەندەی بکرێت ئاخێوەری کوردی لە ئاخاوتن و نووسیندا پەنا بباتە بەر وشە ڕەسەنەکانی زمانەکەی تاوەکو پارێزگاری لە زمانەکە بکات، بەمەش زمانەکە بە شێوەیەکی تەندروست لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە، هەرچەندە (لە زۆربەی زمانەکاندا، وشە کەرەسەیەکی زیندووە کە ڕۆژگار کاری تێدەکا و پەرەی پێدەدا و دەیگۆڕێ و تایبەتمەندیی واتایی نوێ پەیدادەکا و کەم یا زۆر بەکاربردن لە بنچینەکەی دوریدەخاتەوە). (ڕەسول2، 2021: 53)، بەڵام ئەوەندەی بکرێت دەبێت هەوڵبدرێت تا زمانەکەمان بە پارێزراوی بمێنێتەوە، لە حاڵی ناچاریشدا ئەوا دەکرێ وشە و زاراوەی هاتوو لە زمانانی دیکە بە پێی تایبەتمەندی و سیستەمی زمانی کوردی بەکار بهێنرێت، چونکە (هەر وشەیەکی بێگانە هاتە ناو زمانی کوردی دەبێ بخرێتە ژێر ڕکیفی دەستووری زمانەوانی کوردییەوە و لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرگۆگرافییەوە). (خۆشناو، 2016: 122).

## ئەنجامەکان

1. پیســبوونی زمان پرۆســەیەکی هێواشــە و ماوەیەکی زۆری پێویســتە، هەر چەندە هەندێک جار هۆکارگەلێک دەبنە هۆی خێراتر کردنی ئەم پرۆســەیە، بە زۆریش لە زمانی منداڵان و نەوەکانی داهاتووەوە دەردەکەوێت، هەرچەندە منداڵ زمان لە باوانەوە فێردەبێت، کەچی هەمیشــە زمانی نەوەکانی داهاتوو جیاوازە لە زمانی باوانیان، کە ئەمەش بەهۆی پێشـکەوتن و پەرەسـەندنەکانی کۆمەڵگەوە دەبێت و ڕاستەوخۆ لەسەر زمانەکەیان ڕەنگدەداتەوە.
2. پیسبوونی زمان لە هەموو ئاستەکانیدا ڕوودەدات، بەڵام مەرج نییە وەک یەک و بەهەمان ئەندازە بێت، بەگشتی پیسبوونی زمان لە ئاستی وشەسازیدا زیاتر دەردەکەوێت لە چاو پیسبوونی زمان لە ئاستەکانی تردا، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا وشە لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر چالاکترە و زۆرتر بەکاردێت، بۆیە بە هەموو شـێوە و شـێوازێک دەخزێنە نێو زمانان و سـیمای یاسـاکانی ئەو زمانەیان لێ دەنیشێت، پاشانیش لە فەرهەنگی زمانەکەدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە، بۆیە هەرگیز پیسبوون لە ئاستی وشەسازیدا نابێتە هەڕەشە بۆ سەر زمانەکە.

3. پیسبوون لە ئاستی وشەسازیدا زێدەتر لە شێوازی ئاخاوتندا بەدی دەکرێت، چونکە لە ئاخاوتندا ئاخێوەر هێندە کات و دەرفەتی ئەوەی نابێت کە بە ئاخاوتنەکەیدا بچێتەوە و پاک و پاراوی بکات، یان بەر لە ئاخاوتن دەســتەواژەی بێ کەموکوڕی و ڕەســەنی زمانەکەی هەڵبژێرێت، چونکە لە زۆربەی زمانەکاندا وشە لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکانی تر چالاکترە و زۆرتر بەکاردێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکان، بۆیە بە هەموو شێوە و شێوازێک دەخزێنە نێو زمانان و پاشان لە فەرهەنگی زمانەکەدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و دەبنە ئاوێنەی گەل و نەتەوە،
4. تاوەکو دەستور و ڕێزمانی زمانێک پارێزراو بێت، زمانەکە کەمتر لەبەر هەڕەشـەی پیسـبووندایە، چونکە گرنگی یاســا ڕێزمانییەکانی زمان لەوەدایە، هەرچەندە دەنگ و وشــە و دەبڕاو بێنە ناو زمانەکەوە، ئەگەر بەپێی یاســا ڕێزمانییەکانی زمانەکە خرانە چواچێوەی ڕسـتەوە، ئەوە هێشــتا زمانەکە زیندووە و گەڕانەوە بۆ باری پێشوی ئاسانە.

## سەرچاوەکان

محەمەد ڕەزا باتنی، (2015)، دەربارەی زمان، وەرگێڕان، ئاکۆ عەبدوڵڵا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە. سلێمانی.
ڕەئوف حەسەن، (2011)، زمانی ڕۆژنامەوانیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێلێن، سلێمانی.
عیرفان مستەفا حەمە ڕەحیم ، (2009)، کێشەی زمان و دیالێکتە کوردییەکان لە ڕوانگەی فەلسەفەی زمانەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
شێخ محەمەدی خاڵ، (2005)، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەدە، هەولێر.
غازی عەلی خورشید، (2011)، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، (2016)، ڕێنووس و خاڵبەندی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول (2020 – 2021)، کۆزمانەوانی، وانەی ماستەر، کۆرسی دووەم، زمان، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
عەبدولڕەحمان زەبیحی، (1367)، قاموسی زبانی کوردی (1)، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی (ئینیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی).
فاروق عومەر سدیق (پ. د.)، (2020)، قەرزی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، (2019)، ئابوریی ژینگە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی 2.
فەرهاد شاکەلی، (2011)، زمانی کوردی لە ئەستانەی سەردەمێکی تازەدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
ڕەفیق شوانی، (2011)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
تاڵیب حوسێن عەلی، (2014)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
محمد معروف فتاح، (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
مەسعود محەمەد، (2011)، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
هەژار موکریانی، (1369)، هەنبانەبۆرینە- فەرهەنگی کوردی فرسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سروش، تاران.
گیوی موکریانی، (1999)، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
ڕێکار ئەحمەد، (2020)، سیپارۆکەی زمانەوانی، چاپخانەی ڕزگاری، سوید.
ڕێکارئەحمەد، (؟؟؟ )، کۆمێک وشەی کوردی کە عەرەب دەکاریان دەکات، چاپخانەی کوردستان، سوید.
مهاباد کامیل عەبدوڵا، پێشکەوت مەجیدمحەمەد، (2021)، جیهانگیری و مردنی زمانەکان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
باخان سەرحەد عەبدولڕەحمان، محەمەد مەجید سەعید، (2019)، ژەهری زمانی و کاریگەریی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی (زمانی کوردی بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، زنجیرە (6)، ژمارە (3).
هیوا ئەحمەد عەصاف، عومەر ئەحمەد عەبدولڕەحمان، (2013)، شیکردنەوەی هەندێک وشە و زاراوەی نوێ لە زمانی ئێستای کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 24، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
شاسوار هەرشەمی، (2009)، هەندێک زانیاری گشتی لەبارەی زمانەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
دكتور ابراهيم السامرائي، (1961)، دراسات فی اللغة، مطبعة العاني، بغداد.
محمد أحمد فتحي زغاري، (2019)، مدى تأثير وسائل التواصل الاجتماعى على تلوث اللغوي لدى طلاب عمادة البرامج التحضيرية بجامعة الامام محمد بن سعود الأسلامية من وجهة نظرهم، المجلة الدولية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد (5)، العدد (2)، السعودية.
على عبدالواحد وافى، (1983)، اللغة والمجتمع، الطبعة الرابعة، شركة مكتبات عكاظ للنشر والتوزيع.
حەمە فەریق حەسەن، نووسەری کورد و نووسین بە زمانی عەرەبی، گۆڤاری دەنگەکان، (27 /12 / 2013)، http://dengekan.ca/archives/29135

سامان سۆرانی، زمانی کوردی، نیشتمان و نەتەوە و دەوڵەتە، خەبات، (27 / ئاب / 2019)، https://xebat.net/ku/.
تاهیر قاسمی، (1394)، وشەناسی: پێشنیار لە پێشنیاز دروستترە، ماڵپەڕی تویژین، (3/ 9/ 1394)، https://agiri11.blogspot.com/2015/11/blog-post_11.html.
دەیڤید کریستاڵ، (2006)، زمانان چۆن دەمرن؟، وەرگێڕان، حەسەنی قازی، ماڵپەڕی ئەکادیمیای کوردی، http://kurdishacademy.org .
شاسوار هەرشەمی2، (2013)، زمان و ئەرکەکانی سەردەم، ماڵپەڕی یاگەی زمانی کوردی، (7 / 11 / 2013)، http://yageyziman.com/Sh_ZimanUErekekani.htm .

# Language contamination at the level of vocabulary in Kurdish

**Barzan Tahseen Ahmed**
Department of Kurdish, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
barzan.ahmed@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Nareman Abdulla khoshnaw**
Department of Kurdish, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
nareman.Kareem@su.edu.Krd

***Keywords***: *Language pollution, vocabulary, Kurdish language, foreign words.*

## Abstract

Throughout history, and coinciding with human development, the increase in mixing between human beings, and the expansion of means and methods of communication, linguistic communication has increased, this leads to the exchange of linguistic components (especially the word) between languages; As a result, new words are generated under all the different situations, and old and used words are lost and disappear; It is because the nature of the word level is unstable, changeable and flexible.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

The morphological level - as an effective and active linguistic level - is one of the linguistic levels that are face distortion and pollution more than other levels, and the impact of this languages appears later, this causes the language to be removed from its foundation and originality, and this phenomenon can be called (language pollution).

# تلوث اللغة الكردية على مستوى الصرفي

## الملخص

على مدى التاريخ، وتزامنا مع التطور الإنســاني، وتزايد الاختلاط بين بني البشــر، وتوســع وســائل وطرق الاتصــال، يكثر التواصـل اللغوي، وهذا يؤدي إلى تبادل المكونات اللغوية (وبالأخص الكلمة) بين اللغات؛ وفي النتيجة تتولد الكلمات الجديدة في ظل كل الأوضــاع المختلفة، كما تضـيع وتختفي الكلمات القديمة والمسـتهلكة؛ ذلك لأن طبيعة الكلمة غير مستقرة.

ويعد المستوى الصـرفي – بوصفه مستوى لغويا مؤثرا ونشيطا - من المستويات اللغوية التي تتعرض للتشويه والتلوث أكثر من المستويات الأخرى، ويظهر تأثير ذلك على اللغات فيما بعد، وذلك يتسبب في إبعاد اللغة عن أساسها وأصالتها، ويمكن تمسية هذه الظاهرة بـ( تلوث اللغة).